# ڕووداوە گەورەکانو ئینسانە بچووکەکان

*** لەپەراوێزی قسەکانی ئەم دواییەی عبداللەی مهتدیدا**

*** ڕسوایی سیاسیی یان کۆتوبەندی دبلۆماسی،**

**دیسانەوە دەربارەی ناوەڕۆکی باسەکە**

منصور حکمت

**لە پەراوێزی قسەکانی ئەم دواییەی عبداللەی مهتدی[1]دا**

بەداخەوە وادەرئەکەوێ کە جەنابی عبداللەی مهتدی سەرەنجام لە ڕووداوەکانی شەش ساڵی پێشووی ناو حزبی کۆمۆنیستی ئێران کە بووە مایەی جیابوونەوەی ئێمە بەسلامەتی دەرنەچووە. گومان لەوەدا نیە کە ئەو دەورانە، بۆ هەمووومان دەورانێکی دژوار بوو. هەم بۆ ئێمە، هەم بۆ ئەو کەسانەی کە لەو ڕێکخراوەیەدا مانەوە، هەم بۆ ئەو کەسانەش کە هەر لەبنەڕەتەوە ڕێگایەکی تریان گرتە بەر. بەڵام زۆربەی هەرە زۆری ئەو سەدان هەڵسووڕاوە سیاسیە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا سەرەنجام ڕێگای خۆیان دۆزیەوەو ئەو ئاڵوگۆڕو جیابوونەوانەیان وەکو قۆناغو دەورەیەك لەژیانی خۆیان سەیرکردو تێیان پەڕاند. بەڵام بەداخەوە وادیارە جەنابی موهتەدی هەرلەوێدا کەوتو مایەوە.

درۆنامەکەی ئەخیری ئەو لەدژی منو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریو درۆ هەڵبەستنە سەرسام کەرەکانی لەبارەی مێژووی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە، هەرچەند لەڕووی زمان پیسیەوە هەنگاوێکی گەورەیە کە ئەو لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا هەڵی گرتووە، بەڵام لەڕووی ناوەڕۆکەوە تازە نیە. ئەمە تەنها هەنگاوێکی ترە بەو ئاقارەدا کە ئەو لە شەش ساڵ بەرلەئێستاوە گرتیە بەر. هەر ئەوکاتە هەندێ قسەی لەم بابەتەی کردو هەرئەوکاتەش وەڵامی وەرگرتەوە. وە هەرلەبەر هەست کردن بە مەیلی ئەوو چەند کەسێکی تر بۆ ئەم جۆرە جموجۆڵە غەیرە سیاسیو ئیفترا دروستکردنانە بوو کە منو هاوڕێیانی تری مەکتەبی سیاسی، سەرباری ئەوەی کە ڕامان گەیاند دەمانەوێ لە حزبی کۆمۆنیستی ئێران جیابینەوە، بەڵام تا کۆتایی پلنیۆمی بیستو یەکەم لە ڕابەرایەتی ئەو حزبەدا ماینەوە بۆئەوەی ئەم شێوازانە لەکاتی جیابوونەوەدا مەیدان پەیدا نەکەن. هەرکەسێك نووسراوەکەی ئەمڕۆی جەنابی موهتەدی بخوێنێتەوە دەتوانێ ئەو بێنێتە بەرچاوی خۆی کە ئەم جۆرە قسانە لە کەشوهەوایەکی قوتبییو لە ڕێکخراوێکی گەورەو چەکداردا دەیتوانی چ ئاکامێکی ترسناکی لێ بکەوێتەوە. ئەوەی کە ئەو ڕێکخراوە بەو فەرهەنگە سیاسیە بەرزەوە ئەو جیابوونەوەیەی عەمەلی کردەوە، گەواهی‌نامەی شانازیە بۆ هەموو هەڵسووڕاوانی ئەو حزبە. جەنابی موهتەدی هیچ کاتێك ئەو فەرهەنگەی دەرك نەکرد.

بۆچی لایەنگری پێشووی ئێمە، هاوڕێی پێشووی ئێمە، کەسێك کە حەزی ئەکرد خۆی بە داکۆکیکەری خەتو باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری ناوبەرێت، کەسێك کە تا دوا ساتی جیابوونەوەی ئێمە، نانووس کردنی خۆی لە فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا دەدا بەگوێی ئەموئەودا، کەسێك کە بەدرێژایی هەشت ساڵ لە هیچ کۆبوونەوەیەکدا تەنانەت یەك کەلیمەشی لەدژی ئێمە نەوتووە، کەسێك کە لەو حزبەدا دەنگی لەدژی هیچ پێشنیارو تەرحێکیئێمە نەداوە، کەسێك کە پلنیۆم لەدوای پلنیۆم، تەنانەت دوای ڕاگەیاندنی نییەتی ئێمە بۆ جیابوونەوە، دەنگی بە "شەخسی منصور حکمت" داوە بۆ ڕابەرایەتی ئەو حزبە، ئەمڕۆ ئاوا بەم شێوە هیستریكو ناشرینە قسە بەئێمەو ئەو دەورانە دەکات؟ بادانەوە بەلای ڕاستدا، دڵڕاگرتنی باڵی ڕاستی بەجێماو لەکۆمەڵەی پاش جیابوونەوە، تەمەلوقو ماستاوکردن بۆ مام جەلالەکانو هەوڵدان بۆ لێبووردن لە بارەگای ناسیۆنالیزمی کورددا، "خۆئامادەکردن" بۆ هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی لە کۆنگرەدا؟ زۆر باشە، هەموو ئەمانە بەجێی خۆیان. بەڵام لەقسەکانی جەنابی موهتەدیدا پەیامێك لەپشتی ئەمانەوەیە. ئەم مەفاهیمانە مانایەکی لەئەندازە بەدەر سیاسی دەبەخشنە کردەوەکانی ئەمڕۆی جەنابی موهتەدی، ئەویش ئەوەیە کە نووسراوەکەی جەنابی موهتەدی لەبنەڕەتدا ڕاگەیاندنێکە سەبارەت بە هەرەسهێنانێکی شەخسیی. ڕەنگە عبداللەی موهتەدی تەنها کەسێك بێت کە توانی لەئاڵوگۆڕو جیابوونەوەکانی ناو حزبی کۆمۆنیستی ئێران تراژیدیایەکی شەخسی بۆخۆی دابتاشێ. بەداخەوە، وادەرئەکەوێت کە پرۆسەی جیابوونەوە سەرباری ئەو هەموو هەوڵەی هەمووان، سەرەنجام بێقوربانیدان نەبوو.

---

[1] مەبەست لە ووتاری "ئەم بلقە کەی دەتەقێ"یە، کە لەژمارە (2)ی مانگی جولای 1996ی بڵاوکراوەی "ئاسۆی سۆسیالیزم"ی عبداللەی موهتەدیدا بڵابووەتەوە—وەرگێڕ

بادانەوەی سیاسی شتێکی سەمەرە نیيە. لەجیهانی سیاسەتدا زۆرێك بادەدەنەوە. هەندێکیان لەڕووی بەرژەوەندی خوازیو حیساب کردنی سوودو زیانەوە، هەندێکیان لەڕووی دەرك کردنی حەقیقەتی تازەوە یان ئەوەی خۆیان پێیان وایە حەقیقەتی تازەیە. بەڵام ئەم حاڵەتەی جەنابی موهتەدی، بادانەوەی سیاسی نیيە. ئەم ئیدعایەی کە گوایەی جەنابی موهتەدی ئەمڕۆ بەوە گەیشتووە کە بۆ ماوەی هەشت ساڵ فریوی منصور حکمتی خواردبوو و ببووە پەیڕەی سەرکەوتنی ئەوو ئەمڕۆ توڕ دراوە، نە لێکدانەوەیەکی سیاسیيەو نەجدیيە. خۆشیان باوەڕیان پێی نیيە. چەندین جار هەر خودی ئەم جەنابانە وەڵامی ئەم قسە پڕوپووچانەیان بە ئاخوندە خەڵکیيەکانو پاسدارانی دژی خەڵکی لەکوردستان داوەتەوە. وەتازە، لە هیچ شوێنێك ئاماژە بۆ ئەوە ناکەن کە سەرەنجام کەی لە کەروێشکە خەویان ڕاپەڕین، چۆن لەخەو هەستانو سەرەنجام لە چ وەختێکەوە ئیتر مەسئولییەتی کارو کردەوەکانی خۆیان دەگرنە ئەستۆ. بۆچی دەبێ گوێگری جەنابی موهتەدی، دوای ئەم ئیعترافەی ئەو بە گێلیو شوێن کەوتنی سیاسی کوێرانە، دەبێ جۆرێك ئیحترام بۆ ئەوو بیروباوەڕەکەی دابنێتو ببیەوێت "بڵاوکراوە تیۆری"یەکەی بخوێنێتەوە؟ نەخێر، ئەمە بیروباوەڕی واقعیی خودی جەنابی موهتەدیش نیيە، بەڵام هەرئەوەی کە ئەو ئامادەیە ئاوا خۆی بە بەرچاوی هەمووانەوە سووك بکات، حەقیقەتێکی بنەڕەتیتر لەبارەی کاری ئەمڕۆیەوە بەیان دەکات.

جیاوازیيەکی بنەڕەتی لەنێوان بادانەوەی سیاسیو تۆبەکردندا هەیە. بادانەوەی سیاسی خاڵی دەستپێکردنی حەرەکەتێکە. ئامادەیی نیشاندانە بۆ هەنگاو هەڵگرتن بە ڕێڕەوێکی تردا. بەڵام تۆبە، خاڵی کۆتایی ڕێچکەیەکە. ڕاگەیاندنی شکستو تەسلیم بوونە. ئەوەی کەسێکی تۆبە کردوو ئەیخاتە سەر زمانی، نە بۆ خودی ئەوو نە بۆ ئەو کەسەی داوای تۆبەی لێکردووەو نە بۆ تەماشاکەران، حەقیقەتێکی نیيە، دەزانن حەقیقەتی نیيە، پێویست ناکات هەیبێت، قەرار نیيە هەیبێت. تۆبەکردن ڕاگەیاندنی ووردبوونی شەخسییەتو ئیرادەی ئەو کەسەیە. وە دەبێ هەر ئەمەش نیشانی هەمووان بدات. سووکایەتی کردن بە موقەددەساتی پێشووی خۆت، بەهاوڕێیانی پێشووی خۆت، گاڵتەکردن بە ئیفتخاراتو دەسکەوتەکانی پێشووی خۆت، ژێرپێنانی پرەنسیپەکانی پێشووی خۆتو ئینکاری کردنی بێشەرمانەی حەقیقەتە زیندووەکانی بەرچاوی خۆت، هەموو ئەمانە بڕیارە ئەم ووردبوونە نمایش بکەن. ناوەڕۆکی باسەکەی جەنابی مەهتەدی پووچە، هەروەك خودی خۆیشی کارێکی بە ناکۆکیی سەرسوڕهێنەری قسەکانی ئەمڕۆی لەگەڵ مێژوویەکی نووسراودا نیيە. ئەوەی کە ئەم قسانەی سەدو هەشتا پلە بەپێچەوانەی قسە ڕەسمیيەکانی پێشووی خۆیەوەیەتی ئازاری نادات. ئەو بەپێچەوانەوە خەریکە ئەمە ڕادەگەیەنێ: "هیچ شەرم ناکەم، من ڕۆیشتووم، ئیتر هەموو شتێك ئەشێ بڵێم، ئیتر هەموو کارێك ئەشێ بکەم."

چ کەسێك داوای ئەم تەسلیم بوونو حەقارەتەی لەو کردووە؟ چ هێزێك، چ فاکتەرێك، چ پێداویستیيەك، ئەوی ئاوا ناچار بە دەربڕینی پەشیمانی کردووە؟ نە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کوردو نە چەپی خەڵکیی ئێران هیچ کامیان ئەم تاقیکردنەوە دەردناکەیان بۆ قبووڵکردنی ئەو لە مەحفەلەکەیاندا دانەنابوو. تەنانەت ئەگەر واش بووایە دەکرا بپرسین بۆچی ئەو ئامادە بووە ئەم بەهایە بدات. ئەو دەیتوانی چەپتر بووایە، بەئەدەبتر بووایە، بەئینسافتر بووایە، ڕاستگۆتر بووایە، بەڕەوشتتر بووایە، بەپرەنسیپتر بووایەو بەهۆی خەتی سیاسی خۆیەوە لایەنگریی نەتەوەچیيە کوردەکانی بۆلای خۆی ڕابکێشایە، لە یەکێتی چەپی کرێکاریشدا خۆی ناونوس بکاتو بۆ کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوەکەی خۆشی هەڵبژێردرایە. بڕوا ناکەم هیچ بزووتنەوەیەك، هەرچەندێك بۆرژوایيو عەشایەریو دواکەوتووش بێت، پێی خۆش بێت کە شەخسییەتو ڕابەرانی خۆی یان دۆستو هاوپەیمانانی خۆی لەنێو شکست خواردووەکان، فریو خواردووەکانو تۆبە کردووەکاندا هەڵبژێرێت. لەڕووی سیاسیيەوە جەنابی موهتەدی نە ناچار بووەو ناپێویستی بەوە بووە کە ئەم ڕۆژەی بەسەردا بێت. مەگەر چەند کەسی تر لەبەشداربووانی ئەو مێژووە دە ساڵەیەدا هەیە کە ئامادەبن بۆ دڵخۆش کردنی ئەمو ئەو یان بەدەستهێنانی ئەم یان ئەو بەرژەوەندی سیاسیو ڕێکخراوەیی ئارەزومەندانە ئەو ساڵانەو ئەو پراتیکەو تەنانەت ناسنامەی سیاسی خۆیان لەماوەی دەیەیەکدا بخەنە ژێرپێوە؟ نەخێر، ئەمە ئیتر هەڵبژاردنێکی شەخسیيە. لەناخەوە هەڵدەقوڵێ. ناکرێ ئەمە بخرێتە ئەستۆی سیاسەت. ناکرێ ئەمە بخرێتە ئەستۆی جەلال تاڵەبانیو ڕاه کارگەر[1] و عومەری ئیلخانیزادە.

لەوەڵام بە درۆکانی جەنابی موهتەدی سەبارەت بە مێژوو و پەیوەندیيەکانو هەڵسووڕاوانی حزبی کۆمۆنیستو کۆمەڵەی ئەو کاتە، هاوڕێیانێکی تر وەڵامی شایستەیان داوەتەوە. ئەو "بیرەوەری"یە هەڵبەستراوانەی کە لەوسەردەمەی دەگێڕێتەوە، تەنانەت شایستەی بەدرۆخستنەوەش نین. لەوەڵامیش بە هەموو جنێوو ئیفترا شخسیيەکانی ئەو بە من، تەنها لە یەك ڕستەدا ڕای خۆم لەسەر ئەو دەڵێم. تەنانەت ئەو ڕۆژەش کە جەنابی موهتەدی لەم بەری پەرژینەکەوە بوو و ئیدعای ئەوەی دەکرد کە هاوبیری ئێمەیە، نە ئەوم بە کەسێکی قووڵو پڕمایە زانیووەو نە زەڕڕەیەکیش لەسەر ئەوو ئینتمای ئەو بۆ ئەم ڕیزە حیسابم دەکرد. جمۆجۆڵەکانی ئەو لەوبەری پەرژینەکەشەوە مایەی دڵخۆشیيەکی زیاتر نیيە.

هەڵەیەکی گەورە دەبێ بۆ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران ئەگەر لە ئیمکاناتەکانی باندە ڕەشو کوتەك بەدەستەکانی نەتەنها ڕاستی کۆنەپەرست بەڵکو "چەپ"ی ناسیۆنالیستیش لەدژی کۆمۆنیزمی کرێکاری غافڵ ببێت. جموجۆڵەکانی ئەخیری عبداللەی موهتەدی لەبنەڕەتدا دەبێ لەم چوارچێوەیەدا دەرك بکرێت. ئەو دەیەوێت لەدژی ئێمە حزبی نەفرەت دروست بکات. بێشك دەبێ ناوی بخرێتە نێو لیستی ئەوانەی کە زووتر دەستیان پرکردووەو لەویش وەستا ترن.

**ڕسوایی سیاسیی یان کۆتوبەندی دبلۆماسی،**

**دیسانەوە دەربارەی ناوەڕۆکی باسەکە**

خاسییەتی هاتنە خوارەوەی ئاستی نووسراوەکانی جەنابی موهتەدی بۆ خۆی هەرشتێك بێت، بۆ ڕێکخراوەکەی ئەو بڕیارە ئەوە بێت کە باسی ڕاست ڕەویی سیاسیيیان لەکوردستانی عێراقو دۆستایەتیيیان لەگەڵ هێزە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەدا بشارێتەوە. ئەم ڕەخنەیە هێشتا لەجێگای خۆیەتیو ئەو پرسیارانەی خرابوونە گۆڕ هەروا بەبێ وەڵام ماونەتەوە.

بەرلە هەرشتێك دەبێ بەڕۆشنيو بەسادەیی ئەوە بڵێم کە دوور کردنەوەی ڕێکخراوە سیاسيیە ئۆپۆزسیۆنە ئێرانیيەکان لە کۆنەپەرستیی ناوچەکە، خواستێکی ئاشکراو سیاسەتێکی ڕاگەیەنراوی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێرانو عێراقە. ئەمە سیاسەتێکی ڕەواو شۆڕشگێڕانەو سروشتی ئێمەیە. هەرچەندێك جەنابی موهتەدیو کەسانی وەکو ئەو هاتوهاوار بکەن، خەڵك هان بدەنو پیلانگێڕیی بکەن، ناتوانن بەقەد سەرە دەرزیيەك حەقانییەتی ئەم خواستە لەکەدار بکەنو پێداگرتنی ئێمە لەسەر ئەم سیاسەتە کەم بکەنەوە. ڕێگە بدەن دیمەنێکی هاوتای ئەمە بێنینە بەرچاوی خۆمان، ڕەنگە نیشاندانی ئەبعادە واقعیيەکانی ئەم گرێیە سادەتر بکاتەوە. بیهێننە بەرچاوتان، هەروەکو چۆن بەکردەوە دەرهات، ڕێکخراوی ڕزگاریبەخشی فەلەستین دوای هاتنەسەرکاری خومەینی لەگەڵ دەوڵەتو ڕەوتی ئیسلامی لە ئێران نزیکایەتی بکات. بەڕەسمی

---

[1] (راه کارگر)، واتە ڕێگای کرێکار، ڕێکخراوێکی چەپی ئێرانە–وەرگێڕ.

ڕژێمی ئیسلامی وەکو بەرهەمی ڕەوای شۆڕشی خەڵك بەڕەسمی بناسێت. لایەنگریی لە دەسەڵاتداریێتی ڕژێمی ئیسلامی بکاتو لە تاران بنکە بکاتەوە. وا بێننە بەرچاوتان کە ئەم ڕێکخراوە سەرەڕای بینینی سەرکوتو دەستگیرییەکانو دواتریش ئیعدامە بەکۆمەڵەکانی خەڵکی شۆڕشگێڕی دوای 30ی خورداد[1]، نەتەنها ناڕەزایەتی دەرنەبڕیو پەیوەندی خۆی نەپچڕێنێ، بەڵکو هەرچی زیاتر لایەنگریی لە ڕژێمی ئیسلامی بکاتو دیسانەوە ئەو بە حکومەتی ڕەوای ئێران ناوبەرێت. هەرئەمەندە، نەتەنها حەق دەدات بە کۆمۆنیستی فەلەستینی یان ئێرانی کە پەردە لەڕووی ئەم پەیوەندییە هەڵماڵێو داوا بکات کە حەقانییەتی خواستی ڕزگاریی خەڵکی فەلەستین نەکرێتە بەڵگەی پاساوکردنی ڕژێمێکی کۆنەپەرستو، داوا بکات کە ڕێکخراوی ڕزگاری بەخش دەست لە هەلپەرستیی خۆی هەڵگرێ، دەست لە پشتیوانیی سیاسی خۆی لەم ڕژێمە هەڵگرێو بێتە پاڵ شۆڕشگێڕان لە ئێران، بەڵکو ئەمە دەکاتە ئەرکی ئەوان. ئێستا وای دابنێین کە ((پی. ئێڵ. ئۆ))[2] هەربەمە نەوەستێو دەست بکات بە راگەیاندن دەرکردن لەدژی پەیکارو فیدایی[3]، ئەوان بە داروەستەی ئەمو ئەو ناوبەرێت، ڕابگەیەنێ کە ئەمانە "هێز نین"، "فریویان خواردووە"، ناڕەزایەتینامە بنوسێو بڵێ کە فلانە ووتاری پەیکارو ڕەزمەندگان سەربارەت بە پەردەهەڵماڵین لەڕووی حاڵەتێکی دیاریکراو لە پشتیوانیی ماددی ((پی. ئێڵ. ئۆ)) لە ڕژێمی ئیسلامی بەفەرمانی بێگانەو بەمەبەستی جاسووسیو هاندانی عەرەبستانی سعودی بووە، کە وای دابنێین ئیمکاناتێك دەدات بە ((پی. ئێڵ. ئۆ)). دەبێ چی بە جەماعەتێکی بەمجۆرە بڵێی؟ گومانی تێدا نییە کە بۆ ڕێکخراوە کۆمۆنیستەکانی ئێرانو فەلەستین هیچ شتێك لە ڕەخنەو ڕسواکردنی جدیی ئەم شێوازە ئۆپۆرتۆنیستییە ڕەواتر نییە.

ئەم حاڵەتەی ڕێکخراوەکەی جەنابی موهتەدی لە مەیدانی کوردستانی عێراقدا تەنانەت لەم نموونە گریمانیییەش شورەییترو ڕسواترە. دەڵێم نموونەی گریمانی، چونکە ((پی. ئێڵ. ئۆ)) لەدنیای واقعیدا هەرگیز تائەم ئاستە خۆی سووك نەکرد. وە دەڵێم ڕسواتر، لەو ڕووەوە کە ڕێکخراوەکەی جەنابی موهتەدی بەم ئەبعادە دیاریکراوو مەحدودەوە، بێئەوەی سەد لە هەزاری ((پی. ئێڵ. ئۆ)) پێویستی ماددیو داراییو دبلۆماسی هەبێتو بۆ درێژەپێدانی هەڵسووڕانی خۆی پێویستی بەوە بێت کە خۆی لەگەڵ "هێزە"کاندا بسازێنێ، بەسادەییو ئارەزوومەندانە خۆی خستۆتە ئەم هەڵدێرەوەو وادیارە نەتەنها دزێوییەك لەم کارەدا نابینێ، بەڵکو ئەمە بە بەڵگەی پایگای کۆمەڵایەتیو بەهێزیی خۆی دەزانێ.

جەنابی موهتەدی لە هەر کوێیەك بەکەڵکی بێت ڕادەگەیەنێ کە لە ساڵی 91دا لە کوردستان "شۆڕشێك" بەرپا بووە (هەرچەندە سەبارەت بە چارەنووسی دواتری ئەم شۆڕشە بۆ ماوەی 5 ساڵ بێدەنگییەکی گەورە دەکات). شۆڕشی 91ی کوردستان، زۆر باشە. بەڵام جێگای سەرسوڕمانە کە ئەم جەنابانە لە شۆڕشی کوردستاندا بڕیاریان داوە بچنە پاڵ خومەینییەکانو پەنجە لە پەیکارو فیداییو ڕەزمەندگانی کوردستان ڕابووەشێنن. ئێمە پرسیارمان کردووە کە ئەگەر لە کوردستان شۆڕش کراوە (وە تەنانەت ئەگەر نەشکراوە) لەسەر چ ئەساسێك حزبە میللی– عەشیرەتییەکانی کورد وەکو دەسەڵاتدارانی مەشروعی کۆمەڵگا قبووڵ دەکەنو جاڕیان بۆ دەدەن؟ بۆچی لەبەرامبەر هێرش کردنیان بۆ سەر مافو حورمەتو ژیانی خەڵکیدا بێدەنگنو لای هەموو دنیا پۆز بە دۆستایەتییەکەتانەوە لێدەدەن؟ بۆچی یەك کەلیمە، تەنانەت یەك کەلیمە، لەبەرامبەر تیرۆری ژنان لە ڕژێمەکەی ئەواندا، دەستگیریو شکەنجەدانو هەندێ جار کوشتنی کرێکارانی ناڕازیو کۆمۆنیستەکان لەلایەن ئەوانەوە، دەسبازیی ئاشکرای ئەوان لەگەڵ کۆنەپەرستیی ئیسلامی لەدژی خەڵكو بەتایبەت کۆمۆنیستەکان، سانسۆر کردنی بڵاوکراوە کۆمۆنیستییەکان، باج خۆرییەکانیان لە خەڵكو شەڕی کۆنەپەرستانەیان لەگەڵ یەکترداو سیاسەتی خەڵکی بەباڵبەستکراویو بێئومێدی تەسلیم بەعێراق کردنیان، قسە ناکەنو لەبەرامبەردا بە بچووکترین بەهانە لەدژی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق پڕوپاگەندە دەکەن؟ چۆن لەبەردەم بارەگای یەکێتی تاڵەبانیو پارتی بارزانی "میوان"نو بەئەدەب، وە لەبەردەم حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق خاوەن ماڵو جنێوفرۆش؟ ڕەخنەی ئێمە لەم کارکردە لەڕادەبەدەر ڕاستڕەوانەو ئەم جێگاوشوێنە غەیرە قابیلی دیفاعە، ڕەخنەیەکی سیاسی جدیو بەتەواوی مەشروعە. وەڵامی ئەم ڕەخنەیە، جنێودان بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریو منصور حکمتو سەدان هاوڕێی دوێنێتان نییە. کۆبوونەوە بگرن، هاوبیری بکەنو سیاسەتێکی دروستتر بگرنە بەر. هیچ عەیب نییە؟

کاتێك ئێمە ناڕەزایەتی لەم ئۆپۆرتۆنیزمە سیاسییە ئاشکرایە لە ساحەی سیاسی کوردستانی عێراقو ئەم پشتیوانییە لە حزبە کۆنەپەرستەکانی کورد دەرئەبڕین، ئەم جەنابانە خۆیان گێل ئەکەنو لەجیاتی ئەمە بەتاسەوە دەکەونە قسەکردن لە سوودەکانی پەیوەندییان لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا. زۆر جێگای سەرنجە کە نە جەنابی ئیلخانیزادەو نە جەنابی موهتەدی، کە بەپێویستی زانیووە دەستێك بەوتارەکەی جەنابی ئیلخانیزادەدا بهێنێتو بیڕازێنێتەوە، بەهیچ جۆرێك خۆیان لەقەرەی شێوەی هەڵوێستی غەیرە قابیلی دیفاعیان لەبەرامبەر حزبە میللی– عەشیرەتییەکانی کورد نادەن. بەتەواوی بێدەنگی لەم مەسەلەیە ئەکەنو وانیشان دەدەن کە گوایە ڕووی ڕەخنەکە تەنهاو تەنها لە پەیوەندییان لەگەڵ عیراقدایە. ئەم مانۆڕە دوو هۆی سەرەکی هەیە. هۆی یەکەم بەتەواوی سیاسییەو بەڵگەیەکی تری ناسنامەی ڕاستو ناسیۆنالیستی ئەم ڕەوتەیە. ئەمانە دۆستایەتیو هاوڕێبازییان لەگەڵ حزبە کۆنەپەرستەکانی کورددا بە نەنگ نازانن، لەکاتێکدا ئەوەی کە بەڕای خۆشیان بە "خاڵی لاواز"یان دەژمێردرێتو دەبێ ڕوونی بکەنەوە پەیوەندییانە لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا. حزبە کوردەکان هەرچییەك بن بە کۆمەڵە ڕەوتێکی نێو بزووتنەوەی میللیو "خۆیی" لەقەڵەم دەدرێن، لەکاتێکدا کە عێراق دەوڵەتێکی "بێگانە"یە کە سەرباری هەموو شتێك دوژمنێکی ڕاستەوخۆو ستراتیجیی ئەم بزووتنەوە خۆییەیەشە. بۆ ڕەوتێك کە خۆی بەبەشێك لە هەمان بزووتنەوە دادەنێ بوونی پەیوەندی لەگەڵ حزبە میللییەکانی کورداو تەئییدکردنی ئەم حزبانە، لەڕوانگەی ئەوانەوە نە نەنگەو نە پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە. ئەم هاوڕێیەتییە لای ئەوان بە مەسەلەیەکی دراوو بەڵگەنەویستو سروشتی دەژمێردرێت. بەڵام پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتێکی بێگانەو دوژمندا، ئەو شتەیە کە لەم بووتنەوەیەدا دەتوانێ ببێتە مایەی پرسیارو دەبێ وەڵامی پێ بدرێتەوە. ئەمە بناغەی بیرکردنەوەی ئەوانە. دووەم، لەباسی پەیوەست بە پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا هەست بە بڕوابەخۆبوونێکی زیاتر دەکەن، چونکە بە قەولی خۆیان دەتوانن بەڵگەی ئەوە بهێننەوە کە ڕابەرایەتی ئەو کاتەی حزبی کۆمۆنیستو "شەخسی منصور حکمت"، پێشتر لەو حزبەدا تەئییدی بەرقەرارکردنی پەیوەندییان کردبوو لەگەڵ عێراقدا، لەکاتێکدا کە لەبەرامبەر حزبە کوردەکاندا بەهانەیەکی بەم جۆرەیان نییە. نەتەنها بەڵگەنامەکانی دژایەتی کردنی جدیی ئێمە لەگەڵ تەئییدکردنی ئەم حزبانەی ناو ساحەی کوردستان هەر لەسەرەتای هاتنەسەرکاریانەوە بە ئاشکرا بڵاوبووەتەوە، بەڵکو دەورانی هاوپشتی ئاشکرای ڕێکخراوەکەی جەنابی موهتەدی لەگەڵ ئەم حزبانەدا لەبنەڕەتدا لەدوای جیابوونەوەی ئێمەوە دەست پێدەکاتو ئەم ڕاستڕەوییە ناکرێ بە "تەئیید کردنی منصور حکمت" پاساو بکرێ. بۆیە لە ئەنجامدا مەسەلەکە دائەشکێنن. خۆیان لەباس دەربارەی لایەنە سیاسیو میحوەرییەکە، واتە ناسیۆنالیزمو ڕاستڕەوی لە ساحەی کوردستاندا، دەدزنەوە. وا نیشان دەدەن

---

[1] مەبەست لە سەرکوتە خوێناوییەکەی 30ی خوردادی 1360ی بەرامبەر بە / /1979ی زایینییە، کە تیایدا هەزاران کەس لە خەڵکی شۆڕشگێرو کۆمۆنیست لەلایەن ڕژێمی ئیسلامیی ئێرانەوە دەستگیرو ئیعدام کران– و

[2] ((پی. ئێڵ. ئۆ)) واتە ڕێکخراوی ڕزگاریبەخشی فەلەستین– و

[3] پەیکارو فیدایی دوو ڕێکخراوی چەپی ئێرانن–و

که گوایا تاوانی پاشکۆیەتی بۆ عێراق دراوەتە پاڵیانو لەبەرامبەردا، فۆرمۆڵە کلێشەیی‌و ستۆک‌و سواوەکانی باڵی ڕاستی دە ساڵ پێش ئێستای ئەو حزبە لەبارەی لایەنە ئیجابی‌یەکانی پەیوەندی لەگەڵ عێراق بۆ "خەباتی چەکدارانە"و "هەبوونی ڕادیۆ" دووبارە دەکەنەوە.

ڕێگە بدەن بۆ بەرگرتن لە لێڵ بوونی باسەکە جارێکی تر لێرەدا چوارچێوەی باسەکە بە ڕۆشنی‌و بەکورتی باس بکەین. تا ئەو جێگایەی کە دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی کۆمەڵەی ئەمڕۆ لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا، ئێمە قسەیەکمان لە پاشکۆیەتی سیاسیی ئەوان نەکردووە. بەپێچەوانەوە، من لە نووسراوەکەی ئەنتەرناسیۆنالدا ئەوەم ڕاگەیاندووە کە ئەمە تەنها پەیوەندی‌یەکی سەوداگەرانەو بازرگانی‌یە. ئەم دۆستانە خۆشیان خەریکن ئەمە بەڕۆشنی دەڵێن. لە عێراق ئیمکاناتی ماددی‌و نیشتەجێ‌بوون وەردەگرن، بۆ هەڵسووڕانیان پێویستی‌یان بەم ئیمکاناتە هەیەو ئامادەشن بەها سیاسی‌یەکەشی بدەن. ئەوەی کە من لەو نووسراوەیەدا ووتم، وە باسێکی تازەش نی‌یە کە پێشتر لە ڕیزەکانی خودی حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا نەکرابێت، ئەوەیە کە ئەم بەها سیاسی‌یە ڕۆژبەڕۆژ گرانتر بووە. عەقڵی سلیم، وە یەك زەڕڕە دەرك کردنی ڕاستی‌یە سیاسی‌یەکانی ساڵەکانی ئەم دواییە لە عێراق‌و کوردستاندا، حوکم دەکات کە ئیتر ئەم معامەلەیە هەڵبووەشێتەوە. وەرگرتنی ئیمکانات لەعێراق لەسەرەتای کارەوە لەگەڵ سەربەخۆیی ئیرادەی کۆمەڵەدا ناکۆك نەبوو. بەڵام هەنگاو بەهەنگاو، بەدرێژایی چەند قۆناغێك‌و دوابەدوای چەند وەرچەرخانێك، بەتەواوی وای لێ‌هات. وە ئەمە شتێکی تازە نی‌یە. هەر لەکاتی ئێمەدا وای لێ هاتبوو. ئەو مەحدودییەتانەی کە لەم هەلومەرجەوە سەرچاوەیان گرتبوو بۆ هەمووماں لە ناوەندیی ئەو حزبەدا، چ ئەوانەی کە ئەلتەرنەتیڤێکیان بەدی نەئەکردو چ ئەوانەی کەبەشوێن ڕێگایەکەوە بوون بۆ دەرباز بوون لەم پەیوەندی‌یە، زۆر تاڵ‌و ئازار بەخش بوو. لەوە دڵنیا نیم تەنانەت کەسانێکی وەکو جەنابی موهتەدی‌و ئیلخانی‌زادە کە بەبەرچاوی خەڵکی‌یەوە شانازیش بەم پەیوەندی‌یەوە ئەکەن‌و ئەمە بە بەڵگەی پایگای خۆیان لەنێو "خەڵك"دا دادەنێن، ئەگەر ئەمڕۆ بیانەوێت لەسەرەتاوە دەست پێ‌بکەنەوە ئاخۆ بەم سادەیی‌یە خۆیان ئەخەنە ناو پەیوەندی‌یەکی بەمجۆرەو لەم ئاستەدا. ڕەوتی لەدەستدانی سەربەخۆیی ئیرادەی سیاسی ڕەوتێکی ماددی‌و حاشاهەڵنەگر بوو. ئەم ڕەوتە بە پاشەکشێ‌ی ناوەندیی ئێمە بۆ ناوخاکی عێراق دەستی پێ‌کردو بە بۆمبارانی کیمیایی هەڵەبجەو دواتر ئۆردوگای خۆمان لەلایەن عێراقەوەو دواتر ئاوارەیی خەڵکی کوردستانی عێراق لەدوای شەڕی خەلیج گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. لێرەدا ئیتر ئەوە ڕوون بوو کە دەبێ چاو بەپەیوەندی لەگەڵ عێراقدا بخشێنرێتەوە. ئەم پەیوەندی‌یە لە چەند خاڵێکی وەرچەرخانی چارەنووس ساز لەمێژووی خەڵکی کوردستاندا بێ‌دەنگ بوونێکی مەرگبارو زیانباری بەسەر ئێمەدا سەپاندبوو و لەڕووی سیاسی‌یەوە ئیتر نەدەکرا درێژەی پێ‌بدرێت. کاتێك ئەم حەقیقەتانە بۆ ئەم جەنابانە دەڵـێ‌ی، لەپشتی ئەم ڕستەیەدا سەنگەر دەگرن کە "منصور حکمت‌یش ئەم پەیوەندی‌یەی تەئیید کردبوو". من لەساڵی 61[1]داو بەرلە پێکهێنانی حزب نەك هەر چەك وەرگرتنی کۆمەڵەم لەعێراق تەئیید کردبوو بەڵکو هانیشم دابوو. بەڵام ناکۆکی لەسەر مەسەلەی پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا، لە برگەی ئاشتی ئێران‌و عێراق‌و ئاسۆی پاڵ پێوەنانمان بۆ ناو ناوچەکانی قوڵایی عێراقدا دەست پێ‌دەکات. کەسێك کە وەکو جەنابی موهتەدی بییەوێت ئەم قڵشت‌و بێنەوبەردە گەرمەی دواتر لەنێو حزب لەسەر ئەم مەسەلەیە حاشا بکات، تەنها خەریکە خۆی دەکاتە گاڵتەجاڕ. بەڵگەنامەکانی ئەم قسەوباس‌و بێنەوبەردانە زۆرەو هەندێکیان هەر ئەو کاتە بە ئاشکرا بڵاوبوونەوە. قسەکانی خودی جەنابی موهتەدی لە پلنیۆمی شانزەهەمدا کە بەدەستمانەوەیە بڵاوی‌بکەینەوە، نموونەیەکی بچووکی ئەم بەڵگەنامانەیە. پێشتریش ووتوومەو دیسانەوەش تەئکیدی لێ‌ئەکەمەوە، من مەسئولییەتی سیاسەتە ڕەسمی‌یەکانی حزب تا ئەوکاتەی کە لەڕابەرایەتی ئەو ڕێکخراوەیەدا بووم، واتە لە کۆنگرەی دامەزرێنەرەوە تا ساتەوەختی جیابوونەوە، لەئەستۆ دەگرم. ئێمە لە هیچ برگەیەکدا لەو حزبەدا پەیوەندی پچڕاندنمان لەگەڵ عێراقدا تەرح‌و پەسەند نەکرد. لەو هەلومەرجەداو بەو پێکهاتە تەشکیلاتی‌و شێوازی هەڵسووڕانەوە، جێبەجێ‌کردنی کتوپڕی بڕیارێکی بەم جۆرە دەیتوانی ببێتە مایەی تراژیدیایەکی ئینسانی مەزن. لەدەستدانی ئیمکاناتی جێگیربوون‌و ئیمکاناتی ماددی تەنها لایەنێکی مەسەلەکە بوو، فاکتەرێکی گرنگتر ئەوە بوو کە پچڕینی پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا دەیتوانی ببێتە مایەی هەندێ کردەوەی تۆڵەسێنانە کە ئێمە لەبەرامبەریدا ئەگەر بێ‌دیفاع نەبووینایە، لانی کەم زۆر بەئاسانی موعەڕڕەز بووین بۆ زەربە خواردن. لەبەرئەمە ئەم دەروازەیە یەکسەر بەڕووماندا کراوە نەبوو. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا مێژووی ئەو دەورەیە شاهیدی بەرامبەرکێ‌ی توندی دوو ڕەوتە: لە لایەکەوە ئێمە کە دەمانەویست کادرو ئیمکاناتەکان هەرچی زووتر لەژێر کۆنترۆڵی عێراق دەربکەین، موعەڕڕەز بوونمان بۆ زەربە خواردن لەبەرامبەر عێراقدا کەم بکەینەوە، شێوازی کاری تەشکیلات بگۆڕین‌و کۆتایی بێنین بەم دەست‌و پێ‌بەستراوەیی‌یە عەمەلی‌یە نەخوازراوە، وە لەوبەرەوە ئەو کەسانەی کە ڕێك بە لێکدانەوەی ساختەی لەچەشنی قسەکانی ئەمڕۆی موهتەدی دەربارەی "خەباتی چەکدارانە"و بواری کەڵك وەرگرتن لە "کێشمەکێشی دەوڵەتانی ناوچەکە" بەریان بەم ڕەوتە دەگرت. سەیر لەوەدایە کە عبداللەی مهتدی لەو دەورەیەدا لە ڕیزی ئێمەدا بوو، نەك هەر ئەمە بەڵکو بۆ دەورەیەك مەسئولی پرۆژەی ناردنەدەرەوەی هەڵسووڕاوانی حزب بوو بۆ ئەورووپا (وازهێنان لە "خەباتی چەکدارانە"؟). هەرچۆنێك بێت، ئێمە سەرکەوتین. تا ڕادەیەك هەرلەو حزبەداو دواتریش بەجیابوونەوە، بەشی هەرەزۆری ئەو ئیمکانات‌و ئەو کادرانەمان لەژێر کۆنترۆڵی عێراق هێنایە دەرەوە. بێگومان هەندێك ئیمکاناتمان لەدەستدا کە بۆ وەدەستهێنانەوەیان دەبێ زۆر تێ‌بکۆشین. بەڵام لەنێو خەڵکی کوردستاندا وەکو حزبێك‌و بزووتنەوەیەك دەیان بەرامبەر بەهێزتر دەرکەوتین. بزووتنەوەیەك کە ئیتر ناچار نەبوو بێ‌دەنگی بکات‌و توانی بەبەرچاوی هەموو کۆنەپەرستانەوە، لەدەوڵەتی عێراقەوە تا حزبە کۆنەپەرستەکانی کوردستان، وەکو قسەکەرو داکۆکی‌کەری سەرسەختی کۆمۆنیزم‌و مافەکانی خەڵکی‌کوردستان دەربکەوێت.

بەم پێ‌یە تا ئەو جێگایەی کە دەگەڕێتەوە بۆ عێراق مەسەلەکە ڕۆشنە. باس لەسەر لایەنگری کردن یان بەدرۆخستنەوەی وەرگرتنی ئیمکانات نی‌یە لەعێراق لەو دەورەیەدا. بەڵکو لەسەر تەشخیص کردنی ئەوەیە کە بەهای سیاسی ئەم ئیمکانات وەرگرتنە لەماوەی چەند قۆناغێکی دیاریکراودا کە لە ئەنتەرناسیۆنال–دا باسم کردوون تا هاتووە گرانتر لەسەرمان تەواو بووە. لەکاتی تەواو بوونی شەڕی ئێران‌و عێراقەوە تا کاتی جیابوونەوەی ئێمە، پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا مەسەلەیەکی جێگای چاو پێیاخشاندنەوەو مشت‌ومڕ بوو لەو حزبەدا. بەداخەوە تەنانەت دوای تاوانی عێراق لە هەڵەبجەو دواتر کوشتاری دەیان هاوڕێ‌ی خۆمان لە بۆمبارانی کیمیایی ئۆردوگای ناوەندیی کۆمەڵە، نەماندەتوانی بە یەکجاری ئەڵقەی ئەو پەیوەندی‌یەی کە هەنگاو بە هەنگاوو بەئاڵوگۆڕی هاوکێشە سیاسی‌و عەسکەری‌یەکانی ناوچەکە تەنگتر ببووەوە بپسێنین. بەڵام ئەوە ئێمە بووین کە وەکو ڕابەرایەتی ئەو حزبە بۆ پچڕاندنی هەمیشەیی ئەم پەیوەندی‌یە،هەرلە بار سووك کردنی تەشکیلاتەوە لە خاکی عێراقدا، تا ڕەخنەگرتنی جدی لەو دیدگاو شێوەکارەی کە ئەم کۆت‌وبەندەی پێویست‌و پاساو دەکرد، پەیگیرانە هەوڵمان دا (وە لە مەحافلە قەومی‌یەکانەوە هەر لەم بابەتە جنێوانەمان خوارد). وە سەرەنجام، لەساڵی 1991ەوە تا ئەمڕۆ، بەشی هەرەزۆری ئەوانەی کە حزبی کۆمۆنیستی ئێران‌و کۆمەڵەیان پێکدەهێنا، ئەم پەیوەندی‌یەیان بەتەوای پچڕاند. زیاتر لە پێنج ساڵە کە بەشی هەرەزۆری ئەو تەشکیلاتە پان‌و پۆڕەی ئەو کاتە لەکوردستان، واتە دەیان نەفەرێکی لێ‌دەرچێت، لەژێر کۆنترۆڵی عێراق دەرکێشرانە دەرەوە. لەنێو ئەمانەدا زۆرێکیان خۆیان لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری‌دا خۆیان ڕێك خست کە نە لە عێراق هیچ ئیمکاناتێك وەردەگرێت‌و نە هیچ سانسۆرێك لەسەر دەربڕینی سەربەخۆو ئازادانەی بۆچوون‌و سیاسەتەکانی خۆی لەبەرامبەر ڕژێمی عێراق‌و مەسەلەکانی کۆمەڵگای عێراقدا قبووڵ دەکات. جەنابی موهتەدی هەر چەندێك درۆ هەڵبەستێ‌و هات‌و هاوار بکات ناتوانێ هیچ ئاڵوگۆڕێك لە حەقیقەتێکی سادەدا بکات ئەویش ئەوەیە کە من ئەندامی حزبێکم کە هەرلەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە هیچ جۆرە پەیوەندی‌یەکی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق‌و حزبە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەدا نەبووە، وە ئەو جەنابانەش سەرانی ڕێکخراوێکن کە سەرباری هەموو ئەم ڕووداوە چارەنووس سازانەی ئەم پێنج ساڵە لە ناوچەکەداو سەرباری

---

[1] بەرامبەرە بە 1980ی زایینی–و

هەموو ئەو ئەلتەرنەتیڤانەی کە لەبەردەمیاندا بوو ئەم دەستوپێ بەستراوەییەیان هەروا قبووڵ کردو خۆبادان بە بەرەکاتە ماددییەکانی بەمو بەو دەفرۆشن. بەم تەفاسیلەوە نازانم تا کەی دەکرێت لە پشت فۆرمۆڵەی "منصور حکمت خۆی تەئییدی کردبوو" خۆت حەشار بدەیتو ئەندامانی گومان کردووی تەشکیلات خاو بکەیتەوە. جەنابانی ئازیز، بەرلە ساڵی 91 هەرچییەك بووبێ، لانی کەم لەو مێژووە بەدواوە ئیتر "منصور حکمت تەئییدی ناکات". هۆیەکانیشم بەهێمنیو مەتانەتەوە بۆتان ڕوون کردووەتەوە. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە خۆتان مەسئولییەتی سیاسەتەکانتانو وەزعییەتتان لەئەستۆ بگرن.

لەڕووی سیاسییەوە مەسەلەی سەرەکی، هەروەکو ووتم، نەك ساتوسەودای ئەوان لەگەڵ ڕژێمی عێراق، بەڵکو پەیوەندی نزیكو پشتیوانیکردنیانە لە حزبە کۆنەپەرستو میللی عەشیرەتییەکانی کورد. ئەمە میحوەرێکی سەرەکی ڕەخنەی ئێمەیە. جێی سەرسوڕمانە کە لە هەموو شێرو ڕێوی هێنانەوەکانی ئەم جەنابانەدا تەنانەت یەك دێڕیش سەبارەت بەم مەسەلەیە پەیدا ناکەی. لەبەرامبەردا، زۆر بە ڕاشکاویو ڕۆشنیو لە تریبونە جیاجیاکانەوە ئەم حزبە دواکەوتووانە بە خاوەن صلاحییەتی چارەنووسی خەڵکی کوردو خاوەنی شەرعیی دەسەڵات لەکوردستان ناو دەبەن. کۆمەڵە ئینسانێك کە ناوی خۆیان ناوە سۆسیالیست، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بەتاوانی ئەوەی کە گوایە "تەنها یەکێکە" لە ڕێکخراوە چەپەکانی کوردستانی عێراق حاشا لێدەکەنو لەبەرامبەردا بە هەر بەهانەیەك یەکێتیو پارتی بە "حزبە سەرەکییەکانی کوردستان) ناو دەبەن، وە لەمەش خراپتر، نەسیحەتی ئەوەیان دەکەن کە بەهۆی ئەم "هێز هاوسەنگییە سیاسی"(!)یەی کە ئێستا لە کۆمەڵگای کوردستاندا هەیە وا باشترە خودی ئەمانەش لەپەیوەند بە ڕژێمی عێراقەوە "مەسەلەی خەڵك چارەسەر بکەن". چەپی کوردستان بە ڕەسمی ناناسن، لەبەرامبەردا دە حەقداری بۆرژوا بۆ خەڵکی کوردستان دەناسێنن. وە ئەم دۆستایەتییانە، بەپێچەوانەی پەیوەندی لەگەڵ عێراقەوە، نە بە پێداویستی ماددی لێك دەدەنەوەو نە بە عەشقیان بۆ "خەباتی چەکدارانە"و، نە بە مەلزوماتی ئۆردوگاداریو ڕادیۆ داریو نە بەهیچ شتێکی تر. تەنها بەسەرسامییەوە دەڕوانن، بەجۆرێك کە دەڵێی هەر لەبنەڕەتەوە لە پرسیارەکە حاڵی نەبوون. واقعییەت ئەوەیە کە ئەوەندە ئەم پەیوەندییەیان بەلاوە بەڵگەنەویستو سروشتییە کە هەست بەناکۆکییەك ناکەن. ئەمە ماهییەتی سیاسی خۆیانە. قسەیەکیان نییە بیکەن.

ڕەخنەی ئێمە لە کۆمەڵەی ئەمڕۆ، گۆشەیەکی بچووکە لە ڕەخنەی ئێمە لە خودی چاوگی سەرەکیی ئەم کۆنەپەرستییە لە ناوچەکەدا. عێراقو هەموو کوردستان قەڵەمڕەوێکی کاری بزووتنەوەی ئێمەو هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقو ئێرانە. خەتای ئێمە نییە کە کۆمەڵەی ئەمڕۆمان لە کەناری ڕەوتە میللی– عەشیرەتییەکاندا پەیدا کردووە. خەتای ئێمە نییە کە ئەمانە بەرامبەر بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق نەك لەپاڵێ ئەو سەریان دەرهێناوە. هیچ پیلانێکی عەجیبو غەریب بۆ تاڵ کردنی ژیان لە جەنابی موهتەدی لەئارادا نییە. ئەمە حەرەکەتی مەشروعو سیاسیو پێشڕەوی ڕەوتێکە کە خەریکە لەگەڵ ئەم کۆنەپەرستییەدا لە ناوچەکە بەرامبەرکێ دەکاتو لەکاتی کاردا بێگومان جاروبار یەخەی پارێزەرانی ئەم کۆنەپەرستییەش دەگرێ. ئەوەی کە کۆمەڵەی ئەمڕۆ سیاسەتی پشتیوانیکردنی خۆی لەم حزبە دواکەوتووانە بە چ فۆرمۆڵەیەك بۆخۆی پاساو دەکاتو دەرخواردی ئەندامانی دەدات بۆ ئێمە هیچ گرنگییەکی نییە. ئێمە گروپە سیاسییەکان نەك لەسەر بناغەی بوونی ڕادیۆو مەقەڕو چا دەمکردنو پاسەوانیکردنیان، بەڵکو لەسەر سیاسەتیان قەزاوەت دەکەین.

سیاسەتی کۆمەڵەی ئەمڕۆ لە ناوچەکەدا، چ لە پەیوەند بە دەوڵەتی عێراقەوەو چ بەتایبەتی لەبەرامبەر حزبە میللییەکانی کورددا، سیاسەتێکی ئیفلاس کردوو و غەیرە قابیلی دیفاعە. ئەم پرسیارە بە سەر سەری ڕابەرانی ئەمڕۆی ئەم ڕێکخراوەوە هەڵواسراوە. بەداخەوە جنێودان بە منصور حکمتو درۆ هەڵبەستن لەمەڕ مێژوویەکی بەڵگەدارو خەوش هەڵنەگر وەڵامی ئەم پرسیارە سیاسییە واقعییە ناداتەوە. دوای نیشتنەوەی هەموو گەردو خۆڵەکانو کرانەوەی هەموو عوقدەکان، دیسانەوە ئەم پرسیارە باقییە کە ئەمە چ سیاسەتێکە؟ ئەمە چ هەڵبژاردنێکی سیاسی ڕسوایە؟ ئەمە بناغەی مەسەلەکەیە. هەڵاتن لەدەستی ئیمکانی نییە.

جەنابی ئیلخانی زادە لەوەڵامدا گوتبووی کە ئەمە بەهایەکە کە ڕێکخراوەیەکەیان بەوپەڕی مەیلی خۆیەوە لەپێناوی بەهرەمەند بوون لە ئۆردوگاو ڕادیۆ لەناو خاکی عێراقدا دەیدات. ئەم وەڵامە بەڕای جەنابی موهتەدی بەئەندازەی کافی "خەباتکارانە" نەهاتووەتە بەرچاوو ئەو وەکو ڕاستکردنەوەیەك بۆ عومەری ئیلخانیزادە ڕادەگەیەنێ کە نەخێر باس لەسەر بەهرەمەند بوون لە ڕادیۆو ئۆردوگا نییە، بەڵکو ئەم سیاسەتە مەرجی "خەباتی چەکدارانە" کردنی ڕێکخراوەکەیانە. خۆشبەختانە نە ئەمڕۆو نە لەوپەڕی زاڵبوونی قودسییەتی چەك بەسەر بزووتنەوەی چەپدا، "خەباتی چەکدارانە" بەشێك نەبووە لە موقەددەساتە فکرییەکانی ئێمەو نابێتە مایەی هیچ گەورەکردنەوەو پیرۆز ڕاگرتنێکی ئۆتۆماتیکییانە لەلایەن ئێمەوە. موجاهیدینو تاڵیبانو حەماسیش "خەباتی چەکدارانە" دەکەن بێئەوەی هیچ ڕێزێکیان لای ئێمە هەبێت. ئێمە وەکو کەسانی کۆمۆنیست بەرلەوەی سەرنجمان بچێتە سەر نیتاقو مەتارەی جەنابی موهتەدی دەچێتە سەر سیاسەتو هەڵوێستەکانی ئەوان کە بەداخەوە هیچ ناچێتە دڵەوە. بۆچوونی من سەبارەت بە خەباتی چەکدارانەی لەچەشنی ئەوەی ئەوان، پێشتر وەلەناویاندا لە ئۆرگانی مرکزی خودی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانو لە بڕیارنامەکەم سەبارەت بە پرەنسیپەکانی هەڵسووڕانی عەسکەریی کۆمەڵە (پەسەندکراوی کۆنگرەی شەشەمی کۆمەڵە)، کە جەنابی موهتەدی هێشتا دەبێ بەپێی ئەوە کار بکات، بە دووروودرێژی بەیان کراوەو لەبەرئەمە تکا ئەکەم ئەم سفرە دواکەوتووەی قودسییەتی چەك لێرەدا ڕانەخات. جگە لەمەش، ئەوان دەبێ لوتف بفەرموونو ئامارێکیش لە قەوارەی خەباتی چەکدارانەی پێنج ساڵی ڕابردوویان کە وادیارە ئەم هەموو ئۆپۆتۆنیزمو ڕاست ڕەوییە قەرەبوو دەکاتەوە، بخەنە بەردەم خوێنەرانی خۆیان. واقعییەت ئەوەیە، وە هەموو چاودێرانی مەسەلەکانی کوردستان دەزانن، کە یەکەمین سیاسەتی مل کەچ بوون بۆ عێراقو دڵڕاگرتنی حزبە میللییەکانی کورد، ڕەتکردنەوەی هەرجۆرە ئیمکانێکی ماددی ڕێکخراوەکەیان بووە بۆ هێنانو بردنی هێزی چەکدار، چ جای بگات بە خەباتی چەکدارانە. بەبڕوای من جەنابی ئیلخانیزادە فۆرمۆڵبەندییەکی سیاسیترو قابیلی دەرك ترو ڕاستگۆیانەتری لەمەسەلەکە بەدەستەوە دابوو. دەربڕینەکەی جەنابی موهتەدی خەباتکارانەتر نییە، تەنها مناڵانەترە.

پەیوەندی ئەمڕۆی ئەم ڕێکخراوە لەگەڵ ڕژێمی عێراقو یەکێتی نیشتمانیو پارتی بارزانی بە هیچ جۆرێك قابیلی دیفاع نییە. ئەگەر ئەم ڕێکخراوە سۆسیالیست بووایە، ئەگەر ڕابەرانی تەنانەت بە یەك مانای گشتیش چەپگەرا بووایەنو ئاسۆیەکیان هەبووایە، زۆر بەرلەئێستا دەبووایە خێرو بەرەکەتی ئەم ڕەوتانایەن بدایەتەوە بەڕوویانداو، لە ساحەی سیاسی عێراقو کوردستاندا لە کەناری خەڵكو کۆمۆنیستەکان ڕابووەستنایە. بەڵام لە ڕێکخراوێکی میللی کورد لە یەکێك لە پارچەکانی کوردستان، ڕێکخراوێك کە هەموو تێڕوانینێکی بۆ سەرکەوتن، بەتفەنگەوە گەڕانەوە بۆناوشارو چەند ڕۆژێك شان بەشانی حزبی دیموکرات لاسایی کردنەوەی تاڵەبانیو بارزانییە، ئەمە چاوەڕوانییەکی بێجێیە. مەسەلەکە لێرەدایە کە کەسانێك کە تەنانەت لە جەرگەی ئاڵوگۆڕێکی وا گەورەدا، شێوازو ئایندەی خۆیان لەسەر چەند تێبینییەکی ئاوا وورد بینا دەکەن، لە وەدیهێنانی هەر ئەو خەونە هیچەی خۆشیان بێ توانا دەمێننەوە. □